## ئەو نووسراوانەی بە بۆنەی کۆچی دوایی مامۆستا نوورییەوە بڵاو کرانەوە

١. سەرەخۆشی ماڵپەڕی رۆژهەڵات / بۆکان

٢. پرسە بە بۆنەی کۆچی دوایی ماموەستا محەممەد نووریەوە (ح. س. سۆران)

٣. Helbestvan û endamê J.K-ê Mihemed Nûrî mir (ماڵپەڕی کولتورنامە)

**٤.** دڵی شاعیری گەورەی کورد محەمەدی نووری لە کوتە کەوت بەڵام ، ئاڵای هومێد نانەوێ و هەر ڕادەوەشێ. (حەسەنی قازی)

٥. نووسەری ناوداری کورد محەمەد نووری ماڵئاوایی لە ژیان کرد (**ماڵپەڕی پەیامنێر**)

٦. شاعیرانی کوردستان :محەمەد گڵۆڵانی ـ عەتری (ماڵپەڕی گزینگ)

٧. رۆشنبیریی - رێورەسمی یاد و بیرەوەری شاعیری کورد محەمەد نووری بەڕێوەچوو (ئاژانسی پەیامنێر)

٨. بەشێک لە بیرەوەرییەکانی «محەمەد نووری(عەتری گڵۆڵانی)» (ماڵپەڕی گزینگ)

٩. چاوخشاندنێک بە سەر بیرەوەرییەکانی «محەممەد نووری»دا (ماڵپەڕی ئاماژە)

**١٠.** ژیانێکی تەریک و شاعیرێکی گۆشەگیر **سەید قادر هیدایەتی**



**مامۆستا نووری**

## سەرەخۆشی

بە داخ و کەسەری زۆرەوە هەواڵمان پێ گەیشت کە مامۆستای شیعر و ئەدەبی کوردی، خەباتکاری مافی وەرزێران، دژکاری دەرەبەگ و ئاغایانی زۆرداری موکریان و دوایین کەسی بەجێماوی شاعیرانی سەردەمی کۆماری پڕلە شانازیی کوردستان، دڵی لە لێدان کەوت.

نووری، کە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا، ڕووی لە شای ئێران کردبوو و گوڕاندبووی :

**شەرتە تێی هەڵدەم لە تاجت بیگەیێنمە ڕۆژهەڵات**

**نامەوێ ئەو ژینە تاڵە، یا وەتەن یا مردنم !**

دواتر و لە کاتی سەرهەڵدانی "ئیسلاحاتی ئەرزی" شادا، ڕووبەڕووی دوژمنێکی گەورەی دیکە بووەوە، کە نەک لە تاران، لە بن گوێی خۆی دەژیا و مەترسی بۆ خۆی و وەرزێرانی گوندەکانی کوردستان لە شا کەمتر نەبوو، ئەویش ئاغا و خاوەن مڵک و دەرەبەگ بوون.

نووری لە خەباتی تازەی دژ نەو دوژمنە زۆردارانەدا، بوو بە قارەمانێکی وەک کاوەی ئاسنگەر و ئاڵای خەبات و بەربەرەکانی لەسەر شان و کۆمەڵانی پاڵە و وەرزێری ناوچەی بۆکان بە شوێنەوە، سوودی لە بارودۆخی لەباری ساڵانی چلی ئێران وەرگرت و ئەو ئاواتەی هێنایە دی کە خەباتکارانی ڕاپەڕینی ساڵی ١٣٣٢ی بۆکان و ناوچەی فەیزوڵلابەگی و پاڵەوانانی وەک حاجی قاسمی کەریمی و میرزا حەمە ڕەئووفی خەیات تێیدا تووشی شکان هاتبوون.

نووری و هاوسەنگەرانی وەک محەممەدی ئەفخەمی، توانیان لە ڕیزی پێشەوەی خەبات وەرزێرانی ناوچەی بۆکاندا ئاڵای بەربەرەکانی بشەکێننەوە و کەڵەوە بکەنە ملی ئاغاواتی زاڵمی زۆرداری ناوچەکە.

یادی محەممەدی نووری ئەو ساڵانە و "عەتری گڵۆڵانی" سەردەمی کۆماری کوردستان هەمیشە زیندوو و ئاڵای خەباتی گەل لە پێناوی مافی چینایەتی – کۆمەڵایەتییاندا هەر شەکاوە بێت.

ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات / بۆکان

بەناوی کوردستانی گەورە

ح.س.سۆران

soransa@hotmail.com

تاران – ٣٠/١٠/ ٢٧٠٨

**پرسە بە بۆنەی کۆچی دوایی ماموەستا محەممەد نووریەوە**

لە کانی دڵی شکاو و پڕ پەژارەمەوە ، بە بۆنەی کۆچی دوایی هۆنەری کەم وێنە و هەڵکەوتوی کورد ، ماموەستا محەممەد نووری ( عەتری) ەوە ، پرسە و سەرە خۆشی خۆم بە بنە ماڵەی بەرێزی نووری و خەڵکی کوردستانی گەورە ، بە تایبەت بە خەڵکی هونەرویستی ناوچەی بۆکان ، بیرمەندان ، هۆنەران ، نووسەران و تەواوی هونەروەران پێشکەش دەکەم .

**بە تاڵووکە چاوەڕوانم ئەو گشتە شین و رێ و ڕەسمە بەربڵاوە ،کە جارجار لە دەڤەرگەل ، شارەکان و مێدیاکاندا ، بۆ کۆچی دوایی خاوەن هونەرانی بەرێزی دیکەی کورد گیرراوە ، بۆ هۆنەری مەزن و شاز ، ماموەستا نووریش بگیررێ .**

ح.س.سۆران

---

## Helbestvan û endamê J.K-ê Mihemed Nûrî mir



»Mihemed Nûrî

Helbestvan û endamê J.K (Komeley Jiyandinewey Kurdistan) û endamê Hizba Demokrata ya Kurdistanê ya serdemê Qazî Mihemedî, Mihemed Nûrî (Etrî Gulalanî) duhî li bajarê Bokanî li rojhilata Kurdistanê mir. Mihemed Nûrî ji wan helbestvanan bûye ku di serdemê Komara Kurdistanê de serhildan e, mîna Hejar, Hêmin, Awat û Hêdî.

Mihemed Nûrî di sala ١٩٢٦-ê de li Glolana Xwarê li devera Gewirkî ya ser bi Mihabadê ji dayik bûbû. Ew şaîrek bû di bêdengiyê de dijiya û duhî li Bokanê di bêdengiyê de mir û taziya wî jî di mizgeftekê de bi amadebûna kesûkar û çend niyas û hogiran hat kirin.

Ew di helbesteka xwe ya li ser Komara Kurdistanê û Qazî Mihemedî de ya ku di wî serdemî de di rojanmeya »Gowarî Kurdistan«ê de belav kiribû weha dibêje:

Rojî bedbextî xilas bû, bextî (ême) hatewe
Tîşkî serbestî wederxist hate şax û zerdewe

Têbînî: Zanyarî ji ruwange.blogspot.com û nalos.net hatine wergirtin.

---

**<u>دڵی شاعیری گەورەی کورد محەمەدی نووری لە کوتە کەوت بەڵام ، ئاڵای هومێد نانەوێ و هەر ڕادەوەشێ</u>**



**حەسەنی قازی**

بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە هەر ئێستا ئاگادار بووم کە ڕۆژی دووشەمۆ ٣٠ بەفرانبار شاعیری گەورە محەمەدی نووری کە شێعر و پەخشانەکانی شان لە شانی شێعرو پەخشانەکانی هێمن و هەژار دەدەن لە شاری بۆکان کۆچی دوایی کردووە .ئەاونەی گیرۆدەی شێعری کوردین بێشک ' لە سەر بستووی ژیان ' ی نووریان بیستووە و ڕەنگە لەگەڵ من هاوڕابن ئەگەر بڵێم ئەو پارچە هۆنراوەیە لە ئەدەبی کوردی دا جێیەکی وای داوە بە محەمەدی نووری کە شوێنەواری قەت کوێر نابێتەوە. وێڕای دەربڕینی هاو دەردی لە گەڵ لەپاشبەجێماوانی، لێرە دا بۆ ڕێزلێنان لە بیرەوەری ئەو کەڵە شاعیرە ' لەسەر بستووی ژیان ' دەنووسمەوە و بە دوای دا شەرحێکیش کە خۆی لە کتێبەکەی دا ' شەوێک و

خەوێک ' سەبارەت بەو هونراوەیەی نووسیوە دەگێڕمەوە

## لە سەر بستووی ژیان

**لەسەر بستووی ژیان وەک داری چاکی**
**بە تەنیا مامەوە بێ بەرگ و بێ بەر**
**گەلێک بێ تینترە تاوی هومێدم**
**لە زەردەی ڕۆژپەڕی مانگی خەزەڵوەر**

**شەوی تاریک وەرە بکشێ بە سەرما**
**کە ئامێزت پەنای ڕۆژگار ڕەشانە**
**وەکووژێنە چرای ئەستێرەکانت**
**کە ڕووزەردیم لە بەر تالیع گەشانە**

**لەگەڵ ڕۆژی هومێد نالێکە هیوام**
**وەکوو سێبەر لە ڕووناکی ڕەویوم**
**هەناسەی لێبڕا بای فێنکی ئاوات**
**بە کوورەی داغی حەسرەت دا چزیوم**

**لە چۆل و بەردەڵانی قاقڕی ژین**
**لە پێ کەوتووم تەریک و دوورە دەستم**
**بەڵام دەنگێ وەکوو خەونێکی هاڵۆز**
**بە گوێی ڕوحما دەچرپێنێ کە هەستم**

**بە دەستە کوتە، دەر و دیوار و قوژبن**
**هەتا ڕۆچنەی نەجات بست بست دەپێوم**
**بزانم تیشکی سەربەستی لە کوێ را**
**دەدا شۆق و بزەی داوێتە لێوم**

**بڕۆ ئەی شەو، وەرە ئەی ڕۆژی هیوا**
**لە چاڵاوی بەڵای دیلیم دەرێنە**
**لەسەر قسنی فەنای ئاواتەکانم**
**پەڕۆی ئاڵای هومێدم راوەشێنە**

**بەهاری ١٣٢٦ ی هەتاوی**

**محەمەدی نووری** لەسەر بستووی ژیان

**لە سەر بستووی ژیان هۆنراوەیەکە دەڕوانێتە ساڵە ڕەشەکانی ١٣٢٥ و ٢٦ی هەتاوی،یانی ئەو کاتەی زەبروزەنگی ڕێژیمی شایەتی بە تاوانی کوردی گوتن و نووسین، تەف و چەقی خستە هەرێمی کوردستان و پیاوە بەڕێزەکانی شەهید کرد و لە سێدارەی دان و لاوە بەهێزەکانی پەران پەران و ئاوارەی کێو و شاخەکانی وڵاتی کردن . "هەژار" بێ هاوڕێ بە هەردێک دا و "هێمن" هەڵودا بە هەڵەمووت و زەردێک دا و ئەوانی دیکەش هەر یەک بە ئاخ و داخێک بە شاخ و داخیکەوە دەخولانەوە و دەگلانەوە، چونکە خوینخوا، خانەخوێ بوو!**

**باوەشی شەوی تاریک جێی حەسانەوە و حەساری حاوانەوەبوو، زیتە و زریوەی ئەستێرەکانیش دەبوونە زیپکە و زیخی چاوی بە شەوار کەوتووەکان و بە دەوارە ڕەپێ کەوتووەکان. ئەمنی بە تەنیا ماوە وەک " یەهوودا"ی سەرگەردان، لەو هەڵدێر بۆ ئەو گۆل و ئەستێر دەبوو خۆم ببوێرم و سێبەرم وەشێرم؛ شەقاوم شل دەبوو، هەنگاوم کول دەبوو، نە ڕۆژ دەبڕایەوە و نە شەو دەپسایەوە. ڕۆژانە لە بن شاخ و بەردێک دا و شەوانە لە نێو شیو و وەردێک دا دەکەوتم و دەخەوتم؛ بە نێوی ماجەڕاجوو و بێگانە پەرست و سەدان نێو و نیتکەی ناحەز، وەک سێبەر لە ڕووناکی دەڕەویمەوە و وەک دەس لێوەشاوێ لە سێبەری خۆم دەسڵەمیمەوە!**

**لە خاک و نیشتمانی خۆم دا غەوارە بووم، دزێو و بەدقەوارە بووم، تەنیا شەوی تاریک و ڕێگای باریک هاوڕاز و دەمسازم بوو. شەوێ ئەستێرەم دەبژارد و ڕۆژێ خۆم لە خۆم دەبوارد. لەو هەل و مەرجە دا بوو " لەسەر بستووی ژیان" لە دنیای دەردئاژنی دەروونەوە هەڵقوڵی و لە دەراوی دیدەوە هەڵچۆڕا . لە یەکەم دیدارێک دا دوای هاتنەوە کە مامۆستا "هەژار"م دی، کوتی : " کاک نووری، زۆر جاران لە سەر دوندی چیاکان لە گەڵ "هێمن" ، لە کاتی ڕۆژپەڕی ئێواران دا " لە سەر بستووی ژیان" ی تۆمان دەخوێندەوە. دوو جاران دەگریاین، جارێک بۆ خۆمان و جارێک بۆ نیشتمان و دوور وڵاتییەکەمان !"**

**لەو کاتەوە ئەمنی بە تەنیا ماوە چاوەکانم دوو جاران دەبارین، جارێک بۆ "هەژار"ی هێژا و جارێک بۆ " هێمن"ی هەرماو و دەڵێم: " هەژار"، " هێمن" . شوێنەواری ژیانتان ڕێبازی هەرمانە ....**

---

## نووسەری ناوداری کورد محەمەد نووری ماڵئاوایی لە ژیان کرد



PNA- مەنووچێهر جیهانی/ بۆکان ـ شاعیر و نووسەری ناوداری کورد محەمەد نووری بە هۆی نەخۆشییەکی درێژخایەن لە تەمەنی ٨٢ ساڵیدا لە شاری بۆکان کۆچی دوایی کرد.

بە پێی ڕاپۆرتی تایبەتی ئاژانسی هەواڵی پەیامنێر لە شاری بۆکان، شاعیر و نووسەر و کەسایەتی ناوداری کورد محەمەد نووری کە نازناوی "عەتری گڵۆڵانی" بوو، ئێوارەی دوێنی دووشەممە ١٩ی ژانوییەی ٢٠٠٩ ڕێکەوتی ٣٠ی بەفرانباری

١٣٨٧ بە هۆی نەخۆشییەکی درێژخایەن لە تەمەنی ٨٢ ساڵیدا لە شاری بۆکان کۆچی دوایی کرد.

کەسایەتی ناسراو و بەئەزموون و رۆشنبیر محەمەد نووری لە ماوەی ساڵانی ژیانی خۆیدا چەندین بەرهەمی جۆراوجۆری شیعری و نووسراوەی بەپێزی هێنایە بەرهەم و لە بوارەکانی نووسین و شیعر و هەڵبەست و پەخشان و زمان و ئەدەبیاتی کوردیدا خزمەتێکی زۆری کرد. نووری هاوتەمەن و هاوبیری "هەژار" ، "هێمن" ، "ئاوات" ، "هێدی" و "سەعید ناکام" (عەبدوڵڵا مستەوفی) بووە.

محەمەد نووری لە ساڵی ١٩٢٧ ڕێکەوتی ڕۆژی ١٥ی مانگی ڕەشەمەی ١٣٠٥ی هەتاوی لە گوندی گڵۆڵانی خوارێ لە ناوچەی گەورکایەتی سەر بە شارستانی بۆکان هاتۆتە دنیا. کوری "میرزا ئەبووبەکر" کوری خاڵە "حەمەزەندین" کە لە گەڵ چەند بنەماڵە لە ئێلی "زەند" ئاوارە بوون و هاتوون لە گوندی قالوێی زەندان جێگیر بوون. هەر لە تەمەنی منداڵیدا دڵ و مێشکی نووری بە بۆن و عەتری گوڵە جوانەکانی شلێرە و ونەوەشە و مێلاقە و گوڵە گەزیزەی وڵاتەکەی کوردستان زاخاو دراوە.

سەرەتاکانی کاری فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی ئەو هەر لە تەمەنی گەنجێتیدا دەستی پێکرد و لە بارودۆخی فەرهەنگی ئەو ساڵانەی کوردستان و ئێراندا لە بوارەکانی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا خەریکی کار و چالاکی بووە. دواتر لە مەهاباد بۆتە ئەندامی کۆمەڵەی (ژ.ک) و ناوی نهێنی "عەتری" بۆی دیاری کراوە. لە ناوەڕاستی ساڵانی ٤٠کان لە موکریان مامۆستای قوتابخانە بووە. لە میانەی ٧٠کان سەردەمێك نەخۆش کەوتووە و لە نەخۆشخانەی بووعەلی لە تاران ماوەتەوە.

لە ساڵی ١٩٧٥ لە هەڵبژاردنەکانی سەرتاسەری بیست و چوارەمین خولی پەرلەمان واتە ئەنجومەنی شۆڕای میللی لە تاران وەکوو پەرلەمانتار و نوێنەری خەڵکی شاری بۆکان و ناوچە هەڵبژێردراوە و لەو ئەنجومەنە لە ٣ کۆمیسیۆندا ئەندام بووە.

هاوکات لە گەڵ کار و چالاکییەکانی لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا لە بەستێنی شیعر و ئەدەب و نووسین بە زمانی کوردی بە شێوەیەکی بەردەوام کاری کردووە. لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا بە نازناوی "عەتری گڵۆڵانی" بەرهەمی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بڵاوکردۆتەوە. لە ماوەی ٦٠ ساڵی ڕابردوودا سەرجەمی بەرهەمەکانی ئەدەبی و کەمەڵە شیعر و نووسراوە و نامە و بەسەرهاتی خۆی نووسیوە و بەشێکی ئەو شیعر و نووسراوانەی لە گۆڤارەکانی سروە و مەهاباد و گۆڤارەکانی هەرێمی کوردستان لەوانە ڕامان و ئایندە چاپ کراوە.

لە هاوینی ساڵی ٢٠٠٥ ڕێکەوتی مانگی خەرمانانی ١٣٨٤ لە لایەن کۆمەڵێك لە شاعیران و نووسەران و ڕۆشنبیرانی ناوچەی بۆکان کۆڕێکی ڕێزلێنان لە پلە و پایەی بەرزی ئەدەبی محەمەد نووری لە شاری بۆکان بەڕێوەچوو.

هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٦ کۆمەڵێك لە نووسراوە و شیعرەکانی بە ناوی "شەوێك و خەوێك" ، "بستووی ژیان" واتە کتێبی بیرەوەریەکانی محەمەد نووری لە لایەن بنکەی ژین لە شاری سلێمانی لە هەرێمی کوردستان چاپ و بڵاوکراوەتەوە. ئەم کتێبە لە نووسینی محەمەد نووری و لە پێداچوونەوە و ئامادەکردنی سەلاحەدین ئاشتی لە ٣١٢ لاپەڕەدا و چاپی یەکەمی لە تیراژی ١٠٠٠ دانەدا چاپ کراوە.

نووری لە بەرھەمەکان و شیعر و نووسینەکانیدا زۆر بە جوانی نیشانیداوە کە بە دڵ و ھەستێکی زۆر پاکەوە لەوپەڕی جوانی ناسی و خاوەن ھەستیدا دەنووسێت و عەشق و خۆشەویستی وڵات و پاراستنی زمان و ئەدەبیاتی دەوڵەمەند و رەسەنی کوردی بۆ ئەو گرینگییەکی یەکجار زۆری ھەیە.

ھەروەھا لە شیعر و ھۆنراوە و پەخشانەکانیدا چۆنییەتی دەربڕینی ھەست و بیری ئەدەبی و فیکریی تایبەت بە خۆی ھەیە و وەکوو شاعیرێکی خاوەن ھەستێکی جوان و ناسك خۆی دەردەخات و بەرھەمەکانی پاش تێپەڕینی زیاتر لە ٥٥ تا ٦٠ساڵ ھێشتا تازەن و مۆرکی تایبەتی ئەو شاعیرەیان پێوە دیارە و لە نێو جیھانی شیعری کوردیدا ھەر دەدرەوشێنەوە.

تەرمی پاکی محەمەد نووری ئێوارەی رۆژی دووشەممە بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە شاعیران، نووسەران، زانایان، ھونەرمەندان و جەماوەر و چین و توێژەکانی جۆراوجۆری خەڵکی کوردستان دوای رێوڕەسمی بەڕێکردن لە شەقامەکانی ناو شاری بۆکان لە گوندی ئەنبار سەر بە شارستانی بۆکان بە خاکی نیشتمان سپێردرا. لەو رێوڕەسمەدا شاعیری بۆکانی رەسووڵ چووپانی، شوانە پارچە شیعرێکی سەبارەت بە کۆچی نووسەردا پێشکەش کرد.

---

## شاعیرانی کوردستان :محەمەد گلۆلانی ـ عەتری



شاعیرانی سەردەمی کۆماری کوردستان ١٩٤٦
ناساندنی محەمەد گلۆلانی ـ عەتری

دیارە لە شوێنی دیکەش ئاماژەم پێکردووە کە ئەگەر گرینگترین ئەرکی شاعیران لەو ماوە کورتەیەی کۆماری کوردستان، پەسن و پێداھەڵدان و پڕەنگکردنەوەی ھەموو ئەو دیاردە کۆمەڵایەتی و سیاسییانە بن کە لە خزمەت بەرژەوەندیی ئەو کۆمارە ساوایەدا بووبن، ئەوا کۆماری کوردستانیش ئەو بوارەی ڕەخساند کە ئەو ڕێبازە ئەدەبییەی

کە بە ھۆی شاعیرانی دەستەی یەکەمی ڕێبازی موکریان وەک: شەوقی(قازی زادە)، مەلا مارفی کۆکەیی و سەیفولقوزات سەری ھەڵدا، بە ھۆی شاعیرانی دەستەی دووھەمی ئەم ڕێبازە کە بە بیر و شێعر و کردەوە سەر بە کۆماری کوردستان بوون وەک: ھەژار، ھێمن، خاڵە مین، ئیمامی(ئاوات)، ھەباسی حەقیقی، خالیدی حیسامی (ھێدی) و محەممەدی عەتری گلۆلانی ـ عەتری(محەمەد نووری) و ئیدیکە.. پەرەی پێبدرێ و پێ بنێتە قۆناخێکی نوێترەوە کە توانی تاڕادەیەک شێعر لە قاپیلکەی شێوازی کەلاسیکی (سۆفیگەری و ئەوپەرسروشتی) و بێلایەنی و دوورەپەرێزی ئازاد بکا واتە لە چوارچێوەی

مزگەوت و خانەقا و دیوەخانان بیهێنێتەدەر و ڕەنگی کۆمەڵایەتی و سیاسی و نەتەوەیی و بەرەنگاری پێ بدا .
یەکێک لەو شاعیرانەی کە دەکرێ لە ڕیزی دستەی دووهەمی ڕێبازی موکریاندا جێ بگرێ و بەداخەوە کەمتر ناسراوە »محەمەد گڵۆڵانی ـ عەتری»ی سەردەمی کۆمار و «محەمەد نووری» دواترە کە ئێستە نزیکەی هەشتا ساڵی تەمەنە و لە شاری بۆکان ژیان ڕادەبوێری.
هەرچەند بەڵگەیەکی ئەوتۆ لە دەستدا نییە کە ئەندامبوونی »محەمەد گڵۆڵانی ـ عەتری» لە(کۆمەڵەی ژ. ک) دا بسەلمێنێ، بەڵام دەکرێ بە ئەرخەیانی بگوترێ کە ناوبراو یەکێک لە ئەندامانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی سەردەمی کۆمار بووە.
بە پێی ئەو بەڵگانەی لە بەر دەست دان «محەمەد گڵۆڵانی ـ عەتری «دوو پارچە هۆنراوەی لە ژمارە ٣ و، دوو پارچەشێعریشی لە ژمارە٤ی )گۆواری کوردوستان) دا بڵاوکراوەتەوە، کە لێرەدا بۆ ئەوەی چۆنیەتی زەوق و شێوازی شێعریی لاوێکی ٢٠ ساڵانەی ئەو سەردەمەمان بۆ ئاشکرا بێ، نموونەیەک لە شێعری وی کە زیاترئامانجە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی وێڕای پەسنی «پێشەوا قازی محەمەد» لە قاڵبی غەزەلدا دەربڕیوە، دەخەینە بەر چاوی خوێنەرەوانەوە :
تیشکی سەربەستیو دەرخست١

تاکوو کەنگێ من بناڵم بەو هەناسەی سەردەوە
تاکوو کەنگێ لێوبەباری بەم دڵەی پڕ دەردەوە
تاکوو کەنگێ ناهومێدی، سەرکزی، ئاوارەیی
دەستەوئەژنۆ خوێنی چاوم بێ، بە ڕەنگی زەردەوە
خۆشیی جەرگم تاکوو کەنگێ بێتە قووتی دڵ، وەتەن
تاکوو کەنگێ دیل و یەخسیریی بە دەستی جەردەوە
بەسیە جووتیاری قەزا، تۆ تابەکەی بۆ قەومی کورد
تۆوی بەدبەختی دەچێنی هەر بە شیو و هەردەوە
بۆچی داست کول نەبوو پاڵەی قـــەدەر بۆ شینی کورد
وەختی ڕۆژئاوایی کارە، بەسیە کار و کردەوە
ڕۆژی بەدبەختی خلاس بوو، بەختی {ئێمە} هاتەوە
تیشکی سەربەستی وەدەرخست هاتەشاخ و زەردەوە
سەیری ئێستای خۆش نییە چون زۆرزووە سبحەینەکێ
خۆشی ڕوونی وەختی چێشتانە بە کێو و هەردەوە
خەت و خاڵیان دابڕێژن شین بکا فەسڵی بەهار
جا وەرە قاسپەی کەوان دێ هەر بە دار و بەردەوە
فەسڵی زستانی بەسەرچوو زەحمەتی چی ما وەتەن؟
کاری زەحمەت کوا؟ هەیەموشکیل بەدەستی مەردەوە
دوێشەوێ دیتم لە خەودا نیشتمان (دایکی وەتەن)
زۆر بەکەیف و دڵگوشاد و ڕوویەکی بێ گەردەوە
پێی کوتم تا پێو بڵێم ئەی لاوەکان و گەنجەکان
ڕۆژی کار و زەحمەتە فکرێکی کەن بۆ کردەوە
لاوەکان دایکی وەتەن ئەورۆکە زۆر خۆشحاڵە لێو
چون لە سەر نێوونیشانی دەستی مەردیو کردەوە
ئەی بژی سەدری مەعەززەم پێشەوای قەومی کورد
چون لە سەر تەختەی زەمانە نەردی کوردی بردەوە
هەر بژی سەدری مەعەززەم ڕەهبەری ئازادی کورد
چونکە تاریخی سەلاحی کوردی زیندووکردەوە
هەر بژی سەدری مەعەززەم ڕێنوێنی قەومی کورد
هەربژی، ناموسی نۆ ملیۆنی کورد کۆکردەوە٢

»محەمەد نووری»وەک لە نووسراوەی «بیرەوەری...» خۆیدا باسیدەکا لە مانگی خاکە لێوەی ساڵی ١٣٠٥ی هەتاوی لە دێی گڵۆڵانێ خوارێ ناوچەی گەورکی مهاباد لە دایک بووە .
»محەمەد گڵۆڵانی ـ عەتری» کە لە تەمەنی لاوییەوە تێکەڵاوی کار و تێکۆشانی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەو سەردەمە بووە و، بەتایبەت »لە ساڵەکانی ١٣٢٣ بەولاوە هەتا ساڵەکانی ١٣٢٧ و ١٣٢٨ بە پێی سووڕانی دەوران و ئاڵوگۆڕی زەمان سەیرو سەمەرەی زۆری لە ژیاندا بۆ هاتووەتەپێش»، دیارە دوای تێکچوونی کۆماری کوردستان، وەک زۆربەی نووسەران و شاعیران و تێکۆشەرانی ئەو سەردەمە، ئەویش ئەستوندەگی تاوڵی مرادی بە ڕەشەبا و گێژەڵووکەی ڕۆژگار دادەکەوێ و تووشی دەربەدەری و چەرمەسەریی ژیان دەبێ.
هەروەک لە سەرەوە گوترا، لەو جێیەڕا کە شاعیر، کورتەیەک لە ژیان و بەسەرهاتی خۆی لە ژێر سەردێڕی «بیرەوەری...» (کە لە ژمارە ١٥٨ی گۆڤاری سروەدا بڵاوکراوەتەوە و دەتوانن لێرەدا بیخوێننەوە (باسکردووە، من خۆ لە هەڵسەنگاندنی کەسایەتی کۆمەڵایەتی و سیاسی وی دەبوێرم. لێرەدا تەنیا ویستوومە یادگارێکی شێعریی ئەو سەردەمە پڕ لە شانازییەی کۆماری کۆردستانم بە خوێنەرەوانی بەڕێز ناساندبێ کە بەڕاستی توانیوێتی لە ڕەوتی شێعر و شاعیریدا شوێنێکی شیاو بۆخۆی تەرخان بکا.
بە گوێرەی ئەو کۆمەڵە شێعرانەی کە لێرەولەوێ و بەتایبەت لە گۆڤاری سروەدا چاپ کراون، دەکرێ بە وێژەرێکی ڕەسەن و زمان پاراو و شاعیرێکی ناسک خەیاڵ لە قەڵەم بدرێ.
سەبک و شێواز، بیروخەیاڵ و زمانی دەربڕین لە جیهانی شێعریی مامۆستا »نووری» بە چەشنێک ئاوێتە بوون کە جۆرە نامۆییەکیان دە ناخ و هەناوی شاعیردا بەدیهێناوە کە بەهەمان ڕادە کە لە ڕووداوە تفتوتاڵەکانی ژیان سەرچاوە هەڵدەگرێ هەربەم جۆرەش لە واقیع دەپرینگێتەوە.
لە کۆتاییدا، وێڕای دەربڕینی ئەو ئاواتە کە بەرهەم و کارەکانی شاعیر بە زوویی لە چاپ بدرێن، سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی دوو پارچە هۆنراوەی«لە سەر بستووی ژیان» و «ئەمن و پەپوولە» ڕادەکێشم تا لە تەک خۆمتان هاودەنگ بکەم، کە مامۆستا «نووری» لەگەڵ تەواوی بێدەنگی و دوورەپەرێزی.. یەک لەو گەنجینە شێعرییانەی سەردەمی کۆماری کوردستانە کە بۆ گەلی شێعردۆستی کورد بە یادگار ماوەتەوە.

س. چ. هێرش، ٦-٢-٢٠٠٦

• • •

-١ئەو پارچە شێعرە لە سەر کێش و قافییەی غەزلێکی «تاهیربەگی جاف» گوتراوە کە بەم جۆرەی خوارەوە دست پێدەکا:
تا بکـــــــــەی قوربان بناڵم من بە ئێش و دەردەوە؟
دەس بە ئەژنۆ، قوڕبەسەر، دایم بە ئاهی سەردەوە!
-٢گۆواری کوردوستان، ژمارە٤، بانەمەڕ ١٣٢٥ ـ مەی ١٩٤٦. ل٢١ و٢٢ .
سەرچاوەمالپەری:گزینگ




## ڕۆشنبیریی - ڕێوڕەسمی یاد و بیرەوەری شاعیری کورد محەمەد نووری بەڕێوەچوو

PNA- مەنووچێهر جیهانی/ بۆکان - ڕێوڕەسمی یاد و بیرەوەری شاعیر و نووسەری ناوداری کورد محەمەد نووری لە شاری بۆکان بەڕێوەچوو .

بە پێی ڕاپۆرتی تایبەتی بەشی ڕۆشنبیری ئاژانسی هەواڵی پەیامنێر لە شاری بۆکان، ڕێوڕەسمی سەرەخۆشی شاعیر و نووسەر و کەسایەتی ناوداری کورد محەمەد نووری کە نازناوی "عەتری گڵۆڵانی" بوو، لە مزگەوتی بیلالی حەبەشی لە شارستانی بۆکان بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بەڕێوەچوو. لەم ڕێوڕەسمەدا کە ژمارەیەکی زۆر لە شاعیران، نووسەران، زانایان، هونەرمەندان و جەماوەر و چین و توێژەکانی جۆراوجۆری خەڵکی کوردستان بەشداریان کرد، یاد و بیرەوەری ئەو شاعیرە بەرز ڕاگیرا.

لە ڕێوڕەسمی پرسە و سەرەخۆشی شاعیر و نووسەری تازە کۆچکردوو محەمەد نووری چەندین شیعر و پارچە هەڵبەست و هۆنراوە و بابەت و پەخشان و وتار بۆ بەرز ڕاگرتنی یاد و بیرەوەری ئەو شاعیرە مەزنە لە لایەن شاعیران و نووسەرانی کورد پێشکەش کرا، بەم شێوەیەی خوارەوە:

لە ڕۆژی یەکەمی ڕێوڕەسمەکەدا کە محەمەد سەعید نەجاری پێشکەشکاری بەرنامەکە بوو، ئەو شاعیرانە بەرهەمەکانیان ئاراستە کرد: "ئەمین گەردیگلانی" ـ بۆکان، "ڕەسووڵ چووپانی، شوانە" ـ بۆکان، "محەمەد سەعید نەجاری، ئاسۆ" ـ بۆکان، "حوسێن حەیدەرپوور" ـ مەهاباد.

لە دووەمین ڕۆژی ڕێوڕەسمەکەشدا ئەو شاعیر و نووسەرانە بەرهەمەکانیان پێشکەش کرد: "ڕەسووڵ چووپانی، شوانە" ـ بۆکان، "فەتاح ئەمیری"، بۆکان، "سەعدوڵڵا مەجیدی، چاوەڕوان" ـ بۆکان، "سەلاحەدین ئاشتی" ـ مەهاباد، "محەمەد ئەسەدی" ـ مەهاباد، "محەمەد سەعید نەجاری، ئاسۆ" ـ بۆکان، "ئەمین گەردیگلانی" ـ بۆکان، "خالید عەسکەری" ـ بۆکان، "کاوە شەمسی" ـ بۆکان. هەروەها پێشکەشکاری ئەو بەرنامەیە "ئەسعەد ئاسیابان" بوو.

هەروەها لە بەشی کۆتایی ڕێوڕەسمەکەدا فیلمێکی دیکۆمێنتی سەبارەت بە ژیان و بەرهەمەکانی محەمەد نووری بڵاوکرایەوە. ئەم فیلمە بە شێوەی وتووێژێک لە گەڵ نووری لە لایەن سەلیم ئاروم و لە وێنەگرتن، مۆنتاژ، دەرهێنان و بەرهەمهێنانی محەمەد ڕەزا میناپوور لە شاری بۆکان هاتۆتە بەرهەم.

کەسایەتی ناسراو و بەئەزموون و ڕۆشنبیری گەورەی کورد محەمەد نووری لە ساڵی ١٩٢٧ ڕێکەوتی ڕۆژی ١٥ی مانگی ڕەشەمەی ١٣٠٥ لە گوندی گڵۆڵانی خوارێ لە ناوچەی گەورکایەتی سەر بە شاری بۆکان هاتۆتە دونیا. لە ماوەی ساڵانی ژیانیدا چەندین بەرهەمی جۆراوجۆری شیعری و نووسراوەی بەپێزی هێنایە بەرهەم و لە بوارەکانی نووسین و شیعر و هەڵبەست و پەخشان و زمان و ئەدەبیاتی کوردیدا خزمەتێکی زۆری کرد .نووری هاوتەمەن و هاوبیری "هەژار" ، "هێمن" ، "ئاوات" ، "هێدی" و "سەعید ناکام" (عەبدوڵڵا مستەوفی) بوو.

لە ساڵی ٢٠٠٦ کۆمەڵێک لە نووسراوە و شیعرەکانی بە ناوی "شەوێک و خەوێک" ، "بستووی ژیان" واتە کتێبی بیرەوەریەکانی محەمەد نووری لە لایەن بنکەی ژین لە شاری سلێمانی لە هەرێمی کوردستان چاپ و بڵاوکرایەوە. ئەم کتێبە لە نووسینی مامۆستا "محەمەد نووری" و لە پێداچوونەوە و ئامادەکردنی "سەلاحەدین ئاشتی"یە.

لە شیعر و هۆنراوە و نووسین و وتار و پەخشانەکانیدا چۆنییەتی دەربڕینی هەست و بیری ئەدەبی و فیکریی تایبەت بە خۆی هەیە و وەکوو شاعیرێکی خاوەن هەستێکی جوان و ناسك خۆی دەردەخات و بەرهەمەکانی پاش تێپەڕینی زیاتر لە ٥٥ تا ٦٠ساڵ هێشتا تازەن و مۆرکی تایبەتی ئەو شاعیرەیان پێوە دیارە و لە نێو جیهانی شیعری کوردیدا هەر دەدرەوشێنەوە.

محەمەد نووری عەسری رۆژی دووشەممە ١٩ی ژانوییەی ٢٠٠٩ ڕێکەوتی ٣٠ی بەفرانباری ١٣٨٧ بە هۆی نەخۆشییەکی درێژخایەن لە تەمەنی ٨٢ ساڵیدا لە شاری بۆکان کۆچی دوایی کرد. تەرمی پاکی مامۆستا نووری ئێوارەی هەمان رۆژ بە بەشداری ژمارەیەکی زۆر لە شاعیران، نووسەران، زانایان، هونەرمەندان و جەماوەر و چین و توێژەکانی جۆراوجۆری خەڵکی کوردستان دوای ڕێوڕەسمی بەڕێکردن لە شەقامەکانی شاری بۆکان لە گوندی ئەنبار سەر بەم شارستانە بە خاکی پیرۆزی نیشتمان سپێردرا.

---

## دیدار لەگەڵ پێشەوا

**بەشێک لە بیرەوەرییەکانی «محەمەد نووری(عەتری گڵۆڵانی)»**

لە خەیابانێ دەمدی هەر دوودوو و سێ سێ سەربازی تفەنگ بەدەست دەهاتن و دەڕۆیین. لام وا بوو دەیانویست خۆیان بنوێنن و دەراوان بە تاقی بکەنەوە.
بە پێش شارەداری ئێستادا تێپەڕیم. مەحکەمەی قازی وەک لە بیرم مابێ، لە بەرامبەر باشگای ئەفسەرانی ئەوکات و دادگای ئێستا، لەبەری جنووبییەوە لە سەر بستوو و بڵێندایەکی بوو. کە بۆی وەسەر دەکەوتی، جێ جێ پلیکانی لێ هەڵبەسترابوو و جێ جێش پێگۆڕکە بوو هەتا دەگەیشتە مەحکەمەی قازی. لە ژێڵلا کە وەسەردەکەوتم، بەفری باریوی دۆیشەو شەقڵی نەشکابوو و شوێنەوارێکی لێ دیار نەبوو.
پلیکانەکانم بڕی، پێگۆڕکەکانیشم بە دووی یەکدا پێوا و گەیشتمە دەرکی مەحکەمە. دەرکی پێشەوەم کردەوە، وەتاغێکی چکۆڵە کە جێی چاپەز و سەماوەر و چا بوو، دیتم کاک «محەمەدی عەزیز میرزا» کە کاربەدەستی لەمێژینەی بنەماڵەی قازی بوو و بە کاری مڵک و دێیەکانی «قارنجە» و «سەوزی» ڕادەگەیی، لە بن سەماوەرەکە دانیشتبوو. کاک محەمەد زۆرجاران دەهاتە شێخاڵێ و میوانی من دەبوو، زۆرم خۆش دەویست. پیاوێکی تێگەیشتوو و ئاقڵ و لەسەرەخۆ بوو، هەر بۆیەشە پێشەوا زیاتر لە لای خۆی دەیهێشتەوە. کە ئەمنی دی، دیاربوو سەری سووڕمابوو، لەو دەمانەدا ئەمن و ئێرە؟ لە بەرەم هەستا و دوای بەخێرهێنان، چەکمەکانی کێشام و دایکەندن. دەی چۆنی و چۆن نی و ئەتۆ و ئێرە؟ کوتم کاکە محەمەد سەرسووڕمان و پرسیار لە جێی خۆی و بۆ دوایە. جارێ پێم بڵێ پێشەوا لە کوێیە و چۆنی زیارەت بکەم؟
دەرکی مەحکەمەی پێشاندام و کوتی: «لێرەیە و هەر بە تەنیایە و کەسی لا نییە و کاتێکی باش هاتووی بۆ زیارەتی. لە ژوورێ بە تەنێ قەدەمان لێدەدا». گریان لە ئەوکی گیرابوو، دیاربوو ڕۆژگاری نالەبار پەرۆشی کردبوو. بێ هەستێکی دەرکی مەحکەمەی بۆ کردمەوە.
دەرکە دەنگی نەهات. پێشەوا لە حاستی دەرکەکەوە دەگەڕاوە بۆ ئەوسەری هۆدەکە. لام وایە ١٢ میتر زیاتر درێژایی ژووری مەحکەمە بوو. سەری بەردابووە و هەنگاوی بە ئەسپایی دەهاویشت و لە پشتەوە بە هەردوو دەستی کایەی بە دەنکی تەسبیحەکەی دەکرد و دەیهاویشتن.
لە لای دەرکەوە لە حاستی خۆم ڕاوەستام هەتا وەرسووڕێ و بگەڕێتەوە. گەیشتە ئەوسەری ساڵۆنەکە و گەڕایەوە. ئەمنی دی کە بە دەرکەوە ڕاوەستابووم، زەردەیەکی هاتە سەر لێوی. ئەوە سێهەمین جار بوو کە ئەمنی دەدی. ناسیمییەوە. چوومە پێشێ، چەند هەنگاو هاتبووخوارێ. لە نێوەڕاستی ساڵۆنەکە

گەیشتمێ. دەستیم ماچ کرد. ئەولاو ئەولای ماچ کردم، دەستی بەرنەدام، کوتی: «عەتری گڵۆڵانی لەم کاتانەدا بۆ هاتوویە ئێرە؟». کوتم: جەنابی پێشەوا بۆ خۆشم ئاواتی زیارەتم بوو، بەڵان حاجی حەمەدئاغای شێخاڵی بە پێوسیتی زانی بێمە خزمەتت، لە خۆی نیگەرانە، دەیەوێ بزانێ داهاتوو چی لێدێ؟ دەوڵەت چ لە خەڵکی دەکا؟ دەوڵەت چی لێدێ؟ پێشەوا کوتی:
«سەدرولئیسلام بۆی گێڕامەوە کە هاتبوە سەقز، سەرتیپ هومایوونی، حاجی حەمەد ئاغا و هەژاری ئازاد کردبوون. ئەوە حاجی ئاغا هاتۆتەوە. ئەدی هەژار چی لێهاتووە؟»
کوتم: حاجی ئاغا فەرمووی کە بە هاتنی جەنابی سەدر ئازاد کراین، هەژار وا هەڵات کە نەمزانی چی لێهات و بۆ کوێ چوو.
پێشەوا بە ناڕەحەتی و پەژارەوە کوتی: «هەژار چاکی کردووە هەڵاتووە. عەتری ئەتۆ و هێمن و ئەوانی دیکەش کە هۆنراوە و نووسراوەکانتان لە ڕۆژنامەی کوردستان یان گۆڤار و پەرتووکەکاندا بڵاوبۆتەوە، دەبێ بە چاکی خۆتان بپارێزن، جارێ لە ڕووی دەوڵەت بێ ڕەوالەت بن».
کوتم: جەنابی پێشەوا، ئەوەی ئەتۆ دەیفەرمووی، لەگەڵ بیروباوەڕی جەنابی حاجی بابەشێخ و حەمەحوسێنخان و خۆشبینییەکی ئەوان هەیانە یەکتر ناگرێتەوە و نێوانیان ئەرز و ئاسمانە؟! ئەوان پێیان وایە لە نەبوونی دەوڵەت لە ناوچەدا کار و خزمەتی گەورەیان بە ئێران کردووە. دەڵێن: کاتێک دەوڵەت هێزی وەرگرتنەوەی لە دەس داگیرکاران هاتەوە بەرێ، ئێمە بێ دەردەسەر، بە ئامێزی ئاواڵەوە بە پیریانەوە چووین، بێ کێشە و هەرا و هەڵڵا مەڵبەندمان خستەوە باوەشیان!
پێشەوا دەستی هەر بەرنەدابووم کە ئەم قسانەم بۆ دەگێڕایەوە. هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، بڕێک پێشی خواردەوە. لە سەر بەراوردی ئەوان (حاجی بابەشێخ و حەمە حوسێنخان) نەدوا کە وایە یان وا نییە. باسکی گرتم کێشامی بۆ لای پەنجەرەیەکی کە بەرەو شانی ڕاستی خوار ببایەوە دەیڕوانییە جەمسەری مەیدانی چوارچرایە؛ نەمدەزانی دەیهەوێ بڵێ چی و چی لە دڵدایە بیدرکێنێ؟
لە پێش پەنجەرەکە بڕێک خوار بۆوە بۆ لای مەیدانی چوارچرا. کوتی: «کوڕم عەتری، مەیدانی چوارچرا دەزانی؟» کوتم: بەڵێ. کوتی: «ئێوە دەبینن قازی محەممەد لەو مەیدانە ئیعدام دەکرێ. بۆیە ئەوە دەڵێم هەتا کوردستان، هەتا نەتەوەی کورد پێ بزانن کە قازی محەممەد فریوی نەخوارد، هەڵخەڵەتاوی وادەی بێ جێ نەبوو. ئەوەی بە ئێوە دەڵێم بۆ تاریخ و وڵاتەکانی بگێڕنەوە. بنووسن کە قازی نە فریوی خوارد، نە هەڵخەڵەتا، بەڵکوو ویستی خۆی فیدای ئاڕمانی نەتەوەی کورد بکا، ئەو ئاڕمانانەی کە کۆمەڵەی (ژ. ک) و حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بناغەی داڕشت و شوورەی کێشا. ئەمن نامێنم. بەڵان ئەو ئۆقیانووسە ئیرادە و ئاواتە گەورەی نەتەوەی کورد، کوا بە خاکەنازێک خۆڵەمێش و زیلەمۆی ناڕەوای نەیاران خاپوور دەکرێ؟ ئەوانە بۆیە بە تۆ دەڵێم، ئێوە نەسلی داهاتوون، ئەو نەسلەی کە باری داخوازی ئێمەی ڕابردوو و لە دەستان چوو دەکەوێتە سەر شانی ئێوە، سەر ئەستۆی ئێوە».
بیری لێ بکەوە ئەمن لاوێکی کەمتر لە بیست ساڵ تەمەن کە تەواوی هۆمێد و ئاواتی داهاتووی خۆی و نەتەوەی کورد لە دیمەنی ئینسانێکی وەک پێشەوادا پەرەی گرتبێ، پشکووتبێ و گەشابێتەوە، لەپڕ و لەنەکاو، نەوایەکی وا دڵتەزێن و نیدایەکی وا هەستبزوێن بە گوێ و دڵ و ڕووحی ئاشنا بێ، دەبێ چ حاڵێکی بێ و چ پەژارەیەک ڕوو لە ڕەوانی ناکاوی بکا؟! کوتم: جەنابی پێشەوا، کاتێک درۆ و دەلەسە و فێڵ و تەڵەکەی نەیاران و بەدخوازان ئاوا بۆ تۆ ڕوون و ئاشکرایە، بۆچی وەکوو «پیشەوەری» و «غولام یەحیا» و ئەوانی دیکە، مەڵبەندت بە جێ نەهێشت و نەڕۆیشتی؟ فەرمووی: «کوڕم، ئەوە زۆر جوان دیارە کە تێبگەی و لێم وەرگری و بیگەیەنیتە هاوڕاز و هاواڵ و هاوبازەکانت، ئەویش ئەوەیە، مەسەلەی نیشتمان و کۆمەڵەی (ژ. ک) و حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، شتێک بوون بە تەواوی ڕایەڵوپۆی، دەستکردی بنەماڵەی قازی و شەخسی خۆم بوو و هەر خانەوادەی قازیش دەبێ تاوانی غەرامەت و کەفارەتی ئەو غائیلە ببژێرن. ئەگەر ئەمن ڕۆیبام و مەڵبەندم بەجێهێشتبا، سەدان کەس و ئەشخاس بەو تاوانە سزا دەدران و ئیعدام دەکران، بەڵان ئێستا ئەمن ماومەوە کە تەواوی ئەو تاوانانە وەئەستۆی خۆم گرم. عەتری، ئێستا لاتان وانەبێ ناتوانم بڕۆم و خۆم دەرباز بکەم، بارزانی ئەوە لە دێی «دریاز» کۆبوونەوە و هەر ئەوشۆ «مەلا مستەفا بارزانی» پیاوی ناردبوو ئەگەر حازرە لە گەڵمان بێ، دەنێرم بیهێنن بۆ نێو عێلی بارزانی. جوابم بۆ ناردەوە و کوتم جەنابی مەلا مستەفا، ئەتۆ

عێل و تەباری خۆت خرۆپڕ لەگەڵە، یان پێکەوە دەژین، یان پێکەوە دەمرن. بەڵان ئەمنی سەد سەر و هەزار بەرە، کێ بێنم و کێ بەجێ بێڵم؟! ئەوەی دەکرێ لەگەڵ خۆمی بخەم، تەنیا گیانێکی نەحەساوەی لە سەر لێوانە، ئەوەی دەبێ بەجێیان بێڵم، گەلە، نەتەوەیە، ئاو و گڵی نیشتمانە، نیشتمانێکی کە پەیمانی پێناوداریم هەتا ئاخرین نەفەس لەگەڵ بەستووە.

«من همانم که وضو ساختم از چشمه عشق
چار تکبیر زدم یکسره بر هر چه که هست»

دیمەن و سیمای پێشەوا لە پێش چاوم گۆڕا، گلێنەی چاوەکانم پڕ بوون لە فرمێسکی گەش. لە نێو گۆلاوی فرمێسکاندا. ڕواڵەتی پێشەوا دەبوو بە خەرمانەیەکی ڕووناک و بەربلاو، پێم وابوو ڕووحێکە، ڕەوانێکە، لە قالبی ڕیسالەتێکی پێ ئەسپێردراو هاتۆتە دیمەنەوە. دەیهەوێ ژیان و گیانی خۆی لە پێناوی ئەسپاردەکەیدا بسووتێنێ و بیتاوێنێتەوە. نازانم بە چاوی فرمێسکاوییەوە لە چ حاڵێکدا بووم. پێشەوا تێی ڕوانیم، تێمگەیشت کە واتەکانی، منی ڕاداوەتە دنیایەکی دیکە. بۆ ئەوەی چلۆنیەتی باسەکەی بگۆڕێ، فەرمووی: «عەتری بە حاجی حەمەدئاغای بڵێ، ئەو لە خۆی نیگەران نەبێ، قەزا و بەڵاگێڕەوەی هەموان ئەمنم و خانەوادەی قازی. بەڵان شوورەی قەڵایەکی کە ئەمن دامرشتووە، وەک شوێنەواری لەمێژینە، ئەگەر چەرخ و خولی زەمانیش تێکی بڕووخێنێ، بناغە و ئاسەواری هەر دەمێنێ و زەین و سەرنجی نەتەوەی کات و داهاتوو بۆ لای خۆی هەر ڕادەکێشێ و هەست و خۆستیان تەکان دەدا».

ئەمن قسەم بۆ نەدەکرا، هێرشی گڕیەی گریان، ئەوک و گەرووی بەستبووم. وتەیەکم نەمابوو بیڵێم. دەستیم گرت ماچی بکەم، نەیهێشت. ئەو ماچی کردم. گەرمای لێوی و سڕی فرمێسک کە بە سەروڕوومەتم دا دەڕژا و ئەوە ٥٧ ساڵ لەو ڕۆژە تێدەپەڕێ، ئێستاش کە تەمەنم بۆتە ٧٧ ساڵ، تین و بڵێسەی لێوی پێشەوا و سڕی فرمێسکەکانم، لە سەر ڕووکاری چرچ و چەوێڵی خۆم هەر هەست دەکەم. قسەم بۆ نەدەکرا، لێوم دەلەرزی و دەبزووت. بەڵان نە بۆ وتە و وتار، گڕ و کڵپەی دەروون هرووژمی هێنابوە سەر لێواری زار و زمانم. وەک کەسیرەی نێو کڕێوەی کوێستان ددانم چفت کردبوو، هەتا لێک نەدرێن و نەبێتە ددانەتەقە.

پێشەوا لە دیمەنی دژ و داماو و داتەکیوم ڕا، زانی لە وەی پەرۆشترم کە بە لاواندنەوە بێمەوە سەرخۆ. هاتەپێشێ و دەستی لە سەر شانم دانا و کوتی: «کاک عەتری، ئەوانەی لە سەری دواوم، بە شاعیران و ڕووناکبیرانی وڵاتی ڕابگەیەنە، بڵێ نەمان و فەوتانم لەم ئاو و خاکەی نیشتماندا، زۆر جاویدانترە لە وەی بڕۆم و هەڵێم و ببەزم و هەرێم بەجێبهێڵم. ڕۆینی من، وەک لە داوای خۆم و گەلی کوردستان تۆرابم ئاوایە. ئێوە بزانن نەتەوەی داهاتوو بزانێ! قازی محەمەد دەیهەوێ لە ڕێی نیشتماندا بمرێ و بکوژرێ، نەوەک هەڵاتووی هەڵلای دوژمنان بێ و وەک هێندێکان نەتەوە و نیشتمان بەجێبهێڵێ».

لە پاشان بۆ ئەوەی بەرێم بکا، هەنگاوەکانی بەرەو دەرکەکە هەڵێنا و دەرگای کردەوە. محەمەدی عەزیز میرزا، کارداری بەوەفای پێشەوا، هەستا سەر پێ، کە ڕواڵەتی ئەمنی دی وەک مێرمنداڵێک دەچووم کە لە سەر مەیتی بابی هەڵبیچڕن و دووری بخەنەوە، چاوی پڕ بوو لە ئاو و فرمێسکی هاتەخواری. پێشەوا دەستی لە سەر شانی لابردم و کوتی: «محەمەد لەگەڵ ئاغای عەتری برۆ هەتا سەر خەیابانێ نەوەک سەربازێک ڕێی پێ بگرێ». دیسان دەستم ماچ کرد و چۆوە ژووری. ئەمنیش لە دوایە چەکمەکانم لە پێ کرد و بە دنیایەک پەژارەوە وەدەر کەوتم. کاک محەمەد هەتا سەر خەیابان لەگەڵم هات و وەک من بە چاوی فرمێسکاوییەوە گەڕاوە بۆ لای مەحکەمە.

وە خەیابان پێوانێ کەوتم هەتا کاروانسەرایە، ئەسپەکەم هەر بە زینەوە بوو، بێ ڕاوەستان هێنامەدەرێ و سوار بووم و بەرەو «دۆستالی» ڕکێفم لێدا.

• • •

سەرچاوە: گۆڤاری مەهاباد، ژمارە ٦٤ .

---------------

سەرنج: بۆ زانیاری زیاتر لە سەر مامۆستا «محەمەد نووری(عەتری گڵۆڵانی)» ئەو بابەتە بخوێننەوە:
شاعیرانی سەردەمی کۆماری کوردستان (١٩٤٦)

---

**- باسێک و بازێک-**

**ک.ج هــــەڵۆەدا**

**چاوخشاندنێک بە سەر بیرەوەرییەکانی «محەممەد نووری»دا**

چەند مانگێک لەمەوبەر کتێبی بیرەوەرییەکانی محەممەدی نووری لە ژێر ناوی (شەوێک و خەوێک) پێکەوە لەگەڵ دیوانە شێعرەکەی بە ناونیشانی (بستووی ژیان) چاپ و بڵاوکرایەوە. ئەم چاوخشاندنە لەسەر بیرەوەرییەکانی دواوەو و ئەگەر ژیان مەودا بدا ئەوە شێعرەکانیشی شیاوی شیکردنەوەن. پێش هەمووشت دیارە کە شێوازی رەخنەگرتن ئەوە نیە کە رەخنەگر بە چاوێکی تەنگەوە بڕوانێتە نووسراوەی بەردەستیو بەڵکوو حەق ئەوەیە هەموو لایەنەکانی نووسراوەکە وەدیار خرێن.

دیارە رەخنەی زانستیانەش هەر ئەو رەخنەیە. بەڵام ئەگەر لەم نووسراوەیەی بەردەستاندا ڕوانینێکی نێگەتیڤانەتان وەبەر چاو دێت، هێچ بارێکی نالەباری بوغزی دەروونی تێکەڵ نەکراوە- لەگەڵ ئەوەش کە تەمەنی من رێگەی شەڕە دەنووکێم لەگەڵ نووریدا پێنادات- دیارە ئەوەی ئاماژەشی پێ کراوە ڕەنگە سەدا لە سەدا وا نەبێت، بەڵام من وای بۆدەچم و ئەگەر واش نییە چاوەڕوانی ڕوونکردنەوە دەکەم. ئەوەی وەک لایەنە باشەکانی دەکرا وەدەرخرێت دەبێ لە نێو ڕوانینی ئەو کەسایەتیانەدا بێت کە لە کۆتایی کتێبەکەدا سپاسیان ئاراستە کراوە وەک: مامۆستایان ئاسۆ و ئەحمەد مەولانی و خالید عەسکەری و... ، کەوا دیارە ئەمان ئاگاداری ژیان و بەرهەم و نووسراوەکانی «نووری» بوون، بۆیە هیوادارم لەو دەلاقەیەشەوە تیشکێک بگرترێتە ئەم تارمایانەی باسیان لێوە دەکرێ.

نووری له لاپەڕەی ٥٣دا دەنووسێ: «جەنابی قازی محەممەد بە هاوکاری پیرەکان و تیپی لاو و جەوانی شار، کەوتنە سەر ئەو خەتەی کە حیزبێکی یەکگرتوو لە هەموو چین و توێژێک بە ناوی کۆمەڵەی ژ-ک پێک بێنێ و پێکی هێنا» پاشان هەر لەو لاپەڕەیەدا دەڵێ: «ئەوانەی دەڵێن پێشەوا کۆمەڵە نەبووە، یان بێخەبەرن، یان لە جەریانی رۆژدا نەبوون».

بەرلە هەموو شت ئەوەندەی من سەری بیری خۆم کردووە بە کۆڵان و قۆژبن و سەروژێری نووسراوەو کتێب و بڵاڤۆکێ کە باسێکی ئەوسای کۆمار و کۆمەڵەو پێشەوای تێدا بێت- کە کەمێش نین- قەت نەمدیوە هێندە بە خەستی باس لە کۆمەلە نەبوونی پێشەوا کرابێت، بە پێچەوانەشەوە هەموو لە سەر بوونی پێشەوا لە نێو ریزی ژ-کـدا سوورن.

نووری لای وایە جەنابی قازی محەممەد دامەزرێنەری کۆمەڵە بووە، ئەوە لە کاتێکدایە کە هەموو ئاگادارن ئەوکاتەی کۆمەلێک لاوانی شار وەک: محەممەدی نانەوازادە، عەبدوڕڕەحمانی زەبیحی، قاسمی قادری، محەممدی یاهو، حۆسێن فروهەر، سەدیق حەیدەری و میرحاج و... لە باخێکی ئەوسای مەهابادا کۆڕێک بۆ پێک هێنانی کۆمەڵە دادەمەزرێنن پێشەوای مەزن هیچ ئاگای لێ نەبووە. تەنانەت پاش نیزیکەی دوو ساڵ رەئیس بوونی حوسین فروهەر لە کۆمەڵەدا کاتێ رای هەندێ لە دامەزرێنەران دێتە سەر بە ئەندام کردنی پێشەوا هەندێکیتر لە هەواڵان و بەتایبەت عەبدوڕڕەحمانی زەبیحی دژی ئەم هەڵوێستە رادەوەستن.

یەکێ لە گەورەترین هۆیەکانیش لەگەڵ باوەڕپێکراوی پیشەوای مەزن، ئاغابوونی ئەو بووە، یەکێ لە ئەرکەکانی کۆمەڵەش –کەبەداخەوە پاش دامەزرانی کۆماری کوردستان بە لاڕێدا چوو، ئاغا و شێخەکان وەک ئاغای خەڵک بوون بوونە وەزیر و هەمەکارەی کۆماریش- ئاوەدان و روونکردنەوەی مێشکی خەڵک و نەهێشتنی مەودای چینایەتی و لابردنی زوڵم و زۆری ئاغا و دەرەبەگەکان بوو.

ئەوەی کە هەندێکیش لە هەواڵانی کۆمەڵە لەسەر بە ئەندام کردنی پێشەوا پێداگر بوون بۆ جێگیربوونی کۆمەڵە بوو لە کاتی ئاشکرا بوونیدا لە ناو دڵی کۆمەڵانی خەڵک ئەویش لەبەر ئەوەی کە پێشەوا مرۆیەکی ناسراوو باوەڕپێکراو بوو. ئەوەش دیسان دژی ئەوگوتەیەی نووری‌یەکە باسی حیزبێکی

یەکگرتوو لە هەموو چین و توێژێک دەکا، چونکە لەراستیدا کۆمەڵە لە چین و توێژی ڕووناکبیرانی ئەو سەردەم پێک هات و ئەوە ئەرکەکەیان بوو کە هەموو چین و توێژێکی دەگرتەوە.

چاوێکیش بە یەکێ لە یەکەمین بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەش‌دا بخشێنین ڕەنگە زەرێکی بۆ پەز نەبێ: کتێبۆکەیەک لە ژێر ناوی «دیاری کۆمەڵەی ژ-ک بۆ لاوەکانی کورد» کە سێ نامیلکەی لەخۆ گرتووە ئەگەر یەکەمین بڵاوکراوەی کۆمەڵەش نەبێ یەکێ لە هەوڵین بڵاوکراوەکانە. ناوئاخنی ئەم بڵاوکراوەیە تژیە لە دەربڕینی ڕق و قین و تووڕەیی بەرامبەر بە شێخ و ئاغا و مەلا. نووسراوەکان زۆربەیان داڕشتراوی شێعرین و بۆ نموونە چەند بەیتێک دەگوازمەوە سەر ئەم نووسراوەیە:

هەتا شێخێ لە کوردستان بمێنێ          ئومێدی زیندەگانیت پێ نەمێنێ

مەلای نادان بە عینوانی شەریعەت          حەرامی کرد لە تۆ عیلمی تەبیعەت

ئەلەرزێت کاکی ئاغا وەک بنی ئاو          کە ئالای سوور و ئاڵی دێتە بەرچاو

جێگای سەرنجیشە کە لە رووپەڕی نامیلکەی یەکەمدا ئاوا نووسراوە: «بۆ هەڵساندنی ئاغاوات و سەردار عشیرەتەکانی کورد لە خەوی نەفامی چاپ کرا». لە نامیلکەی دووهەمیش‌دا بە تێبینییەک خوێنەران ئاگادار دەکرێنەوە و نووسراوە: «خوێنەرە بەرزەکان تکاتان لێ ئەکەین دوای خوێندنەوەی ئەم نامیلکەیە هەر هەستێکی بەرانبەر بە شێخ و مەلاکان لە دەروونتانا پەیدا بوو هەر ئەو هەستە دەربارەی ئاغا و سەردار عەشیرەتەکان بۆ خۆتان پەیدا کەن و هتد» ئەو نامیلکانە لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٣- ١٣٢٢دا بڵاوبوونەتەوە، لە هەمووشیاندا ئاماژە بەوە کراوە کە لە لایەن هەیئەتی ناوەندی کۆمەڵەی ژ-کـەوە دەرکراون، کەواتە لەو سەروبەندەش‌دا کۆمەڵە خاوەنی هەیئەتی مەرکەزی بووە. (وێنەی ئەم نامیلکانە لە کتێبی ژیان و بەسەرهاتی عەبدوڕەحمانی زەبیحەدا کە نووسراوەی عەلی کەریمی‌یە چاپ کراون).

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا با بێینە سەر ئەوەی کە هەرچی تا ئێستا گوتراوە و بیستراوە و هەمووش دەڵێن پێشەوا رۆڵێکی لە دامەزراندنی کۆمەڵەدا نەبووە گشتی بە هەڵەدا چوون، دەجا چۆنە کاکی نووری پاش ٦٥ ساڵ تازە وەخەبەر هاتووە و بیری هاتۆتەوە کە وانەبووە و وابووە. ئەو کە ئەوەندەی گرمەی تەپڵی

کوردایەتی و خەڵکویستی لێهەڵدەستی چۆنە بە ئەرکی سەرشانی نەزانیوە زووتر ئەم هەڵە گەورەیە، بە بەڵگەوە لە مێژووی پڕ لە بۆژۆی کورد بسڕەوێتەوە؟! خوا عالمە، بەڵام بەڵگەش لازمە!.

لە لاپەڕەی ٥٤دا لە ژێر سەردێڕی «فەرموودەیەکی پێشەوای نەمر»دا گوتەیەکی لە گیرفانی پێشەوا ناوە. ڕاستە ئەوەی کەلەم فەرموودەیە دەردەکەوێ بە بێشک ویستی دڵی پێشەوا بووە بەڵام ئەم جۆرە گێڕانەوەیە لە مەلای سەرمینبەر و خەڵکی بەر دەرکی مزگەوت و سەر شەقامەکان بە ئیراد ناگیرێ نەک لە نووری قەڵەم بەدەس. دەبوو نووری کە ئاوەها فەرمودەکەی ڕێک بە پوختی گێڕاوەتەوە ئاماژەیەکیشی بە کات و سات و هۆی ئەم فەرموودەیە بکردایە، ئەوەش لەبەر ئەوەی کە خوێنەری تامەزرۆی هەڵهێنانی داپۆشراوەکانی کۆمەڵە و کۆمار زیاتر لەوەی گوێرایەڵی مەلای سەرمینبەر و خەڵکی ڕەمەکی و سەرشەقام بن شەیدای نوسراوەکانی بەشداربووانی ئەو کاتی کۆمەڵە و کۆمارن. بەڵام حەق نییە ئاوەزی ئەم خوینەرانە هێندە کورت تەماشا بکرێن کە باسەکان وەک فەرموودەکانی ئیمام و پێغەمبەرانی سەرمینبەر بگێڕدرێنەوە.

لایەنێکی تری سەیری گێڕانەوەکانی نووری ئەوەیە کە خۆی لە لای هەر ئاغایەک میرزا بووە- تومەز لەبەر پاڵپشت بوون و زەوی و زار پێ بەخشین- بە نیشتمانپەروەر و پیاو و سەرمەشقی ئینسانی ناو دەبا. وەکی تریش لێرەو لەوێ هەر بە بیرەوەریرکانی خۆشیەوە دیارە کە هێندەش نیشتمانپەروەر نەبوون و بگرە لەگەلخۆری و گەلقڕانیشدا لە پێش نەیارانەوەبوون. ئەوەشی باوێژینە سەر کە پەرت و بڵاوی و نەگیرانەوەی پوخت و دوابەدوای یەکی ڕووداوەکان و گوڵبژێرکردن ودەرخستنی هەندێک بیرەوەری- چ بە باری فەرامۆشی و چ بە ئانقەست بێت- بۆتە هۆی دیار نەکەوتنی زۆر لایەنی تاریک و تنۆکی کردەوەی ئاغا و دەرەبەگەکان، بۆ نموونە گەلقڕانەکەی چۆمی مەجیدخان بەردێکی زەلامی لەسەر داندراوە- وەک چۆن بەردێکی زەلامیان پێوە بەستن!- .

لە لاپەڕەی ٥٩دا کە دێتە سەر تاڵان و بڕۆ و کوشتن لە لایەن ئاغا و مالیکەکانەوە زۆر بە هێمنی دەڵێ: «نامهەوێ کای کۆن بەباکەم و دەوران تازە کەمەوە«. با کاکی نووری خۆشەویست ئاگادار بێ کە بەو پێیە هەموو بیرەوەریەکانی تریشی کای کۆن بە باداکردنە، ئەدی چۆنە ئەوانی هەڵهاویشتووە.

پاشان دەبێ بگوترێت ئەگەر تفی سەرەوژوور ڕووی خۆشمان بگرێتەوە قەیدی چیە با بۆ دڵنیابوون هەڵی هاوێین بەڵکو ببێتە هۆیەک بۆ خۆ فێرکردنی هاویشتنی تفی سەرەوژێر. زوڵم و زۆری ئاغاو دەرەبەگەکان بوونەتە لاپەڕەیەکی دزێوی مێژووی پڕ لە چەرمەسەری کورد و ئەوە لە هیچ خاوەنبیریک شاراوە نیە و نابێت، بۆیە باس کردنی زوڵمی ناهەقی ئەوان زیانێک بە مێشکی خاوەنبیران ناگەیەنێت، با کاکی نووری بۆ مێشکی بیرکورتەکانیش هیچ نیگەران نەبێت چونکە ئەوان هەر خۆیان چاویان نووقاوە و پەڕی نووسراوەکانیش هەڵنادەنەوە تا خوا نەکردە تۆزی بەباداچووی کایەکەی کۆنیان بچێتە چاوەوە.

لە لاپەڕەی ٦٠دا لە ژێر سەردێڕی «ئەو هەڵکەوتە جێگەی سەرنجە« تیشکێکی خێرای خستۆتە سەر شەرفیابی سەر عێل و عەشایر بە حوزووری ئەعلاحەزرەت وە دەڵی خۆشم لەگەڵ ئاغای قارەمانی‌دا بەشدار بووم، هەر ئەوەندە و هیچی تر، نەکات، نە شوێن، نە نێوی بەشداربووان- کە گرینگترینیانە- نە باسی گفتوگۆ، هیچ! ڕەنگە ئەوەش جەواڵێ کای کۆن بێت، واچاکە ئێمەش دەس بە چاومانەوە بگرین و خۆی لێ ببوێرین و هیچی تر نا!

لە لاپەڕەی ٦٤دا دەڵێ ئەمن هەموو کوڕە خوێندەوارو پیاوە کار لەدەس هاتووەکانی دێهاتم بۆ داواکردنی مافی خۆیان بەپێی ئیسلاحاتی ئەرزی ئامادەی هاوکاری کردبوو. ئێمە ناڵێین نووری وای نەکردووە بەڵام نەدەکرا بفەرموێ ئەو کە تا بەڕێوە چوونی یاسای«پینەو پەڕۆی کێڵگەکان!»و دواتریش هەر لە ژێر سایەی دیوەخانی ئاغایاندا دەبێت چۆنی ئەم ئیشە بەجێ گەیاندووە. خۆ ناشوکریش نەبێ پیاو ماقووڵانی ئەودەمیش هەموو بە قووڵایی مردندا چوون تا شایەتی بۆ بدەن.

لە لاپەڕەی ٧٣دا کە سەنگەرەکانی ڕوونکردنەوەی بیرو باوڕی چینی بەشخوراو ڕیز دەکا سووکە ئاماژەیەکیش بەو ناکات کە چەوخت و چلۆن لەم سەنگەرانەوە تیشکی ڕووناکی گرتۆتە مێشکی تاریکی بەشخوراوەکان.

له لاپەڕەی ٧٥دا لەنێو باسی نوێنەرایەتیەکەیدا دەنووسێ«لە ماوەی نێزیک بە چوار ساڵ کە لەمەجلیسی شووڕای میللی بووم نە گۆڕام و نە دۆڕام، هەر ئەو دێهاتییە بووم کە لەوێرا هاتبووم». نەدۆڕانەکەی جێگەی ڕێزو ستایشە بەڵام نەگۆڕانەکەی ئەگەر پاشەکشە نەبێت، لەجێدا وەستانە، ئەوەش هیچ لە باش ناچێت. لەمەڕئیش و کارەکانیشی لە مەجلیس‌دا، دیارە ئەوانەی کە ئاماژەی پێ کردوون دەبێ لە هەرە کارە گرینگەکانی بووبێتن کە دوو لەوانە زۆریان پێوە ماندوو بووە: یەکەم دابین‌کردنی مەعاش بۆ مامۆستایانی ئایینی، کە شێلگیرانە وەشوێنی کەوتووە و پاش گۆڕانی سێ سەرۆک وەزیریش(هوەیدا، ئامووزگار و شەریف ئیمامی)لە بە دوادا چوونی ئەم داوایە هەر کۆڵی نەداوە و هەر وەک گرینگترین ئیشی باسی دەکات.

سەیر ئەوەیە نووری پێداگر بەم ئاواتە هەر نەگەیشت! دووهەمیان لە لەپەڕەی ٨٤دا لێی دواوە و بە هەنگاوێکی بەکەڵکی ناو دەبات:«کارو پێداویستیەکی لەو هەلومەرجەدا بۆ من زۆر گرینگ بوو مەسەلەی کوێر و نابیناکانی حافزی قورئانی بۆکانی بوو... - کە١٥ نەفەر بوون -». ئیتر چەند هەزار چاو ساغ و بینا بیلامانێ بە ...!، خوێنەر بۆی هەیە ساتێک رابمێنێت و لە خۆی بپرسێت. ئەرێ نووری نوێنەری چینی بەشخوراوە لە مەجلیسی شووڕای میللی یان نوێنەری عەبا بەشانەکانە لە حەوزەی عیلمییەی قوم ؟!

شتێکی سەیر ئەوەیە کە دەڵێی نووری بە تێکچوونی رژێمی گەندی پاشایەتی‌و سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران هێندە دڵخۆش نەبووە، ئاشکراش دیارە کە ئەوە لەبەر توانای پێشبینیەک نەبووە کە نووری هەیبێت بەڵام دیار نیە لەبەر چی لێرەو لەوێ لە وتەکانی‌دا وەها رەنگ دەداتەوە. بۆ نموونە دەوڵەتی ئاشتی میللی شەریف ئیمامی زۆر لە شۆڕش بە پیرۆزتر دەزانێ و لە لەپەڕەی٨٤دا پاش لێدوانێکی کورت لە سەر شەریف ئیمامی و دەوڵەتی ئاشتی میللی نێوچاوانی تێکدەنێ و ددانی لەسەریەک دادەگرێ و دەڵێ:«ئاخوند و جەماوەری ئینقلابی ئاغای خومەینی ئاشتی میللی یان ناشت و گۆڕبە گۆڕیان کرد!.» کاتێک لە سەرتاسەری ئێراندا دژی شای گۆڕبەگۆڕ خۆ پێشاندان دەکرێت و بڵێسەیەکیشی شاری بۆکان دەگرێتەوە و ئەو کوردانەی لەژێر چەپۆکی رژێمی گەندی پاشایەتی‌دا بوون

گڕدەگرن و دەرژێنە سەر شەقامەکان و تەنانەت دوو کەسیشیان شەهید دەکرێن، کاکی نووری لە پێشدا بە فەرموودەی ساواک و یارمەتی چەن هەواڵێک وەزعەکە هێمن دەکاتەوە و هەستی گڕ گرتووی خەڵک دادەمرکێنێتەوە. پاشانیش ئەم کردەوەیە بە فیتنە لە قەڵەم دەدات و دەڵێت:«ئەمن ئەوە نەبووم کە ئەرکی هاوکاری و دڵسۆزی خۆم لەو کاتەدا بە جێ نەهێنم(ل۹۰)» تو بڵێی هاوکاری ساواک کردن و دڵسۆزی بۆ هێشتنەوەی هەسپی بەلەسەی کورد لە ژێر ڕکێفی رژێمی گەندی پاشایەتیدا کارێکی شیاو بووبێت کە بە شانازیشەوە بگێڕدرێتەوە؟! هەڵبەت ئەوە لەبیر ناکەین کە ئەو کاتە رژێمی ئیسلامی ئێران هێشتا نەهاتبووە کایەوە و نیازەکان و ئەنجامەکەی دەرحەق بە گەلی کورد دیار نەخرابوون بەڵام ئەگەر لەحەق لانەدەین شوڕشی گەلانی ئێران شوڕشێکی کۆمەڵی و مەزەن بوو بۆ نەهێشتنی زوڵمو زۆری. ئەوەش لە کاتێکدا بوو کە کارنامەی رژێمی پاشایەتی لە هەمبەر کوردی چارەرەشدا ئاشکرا و لە بەرچاو بوو و پەشێو گوتەنی«وەک قەرشە هارەکانی دەریای ئیجە هەر بە دەوری خوێنی کورد دا دەخولایەوە«.

بەراستی خوێنەر ئاکامی ئەم هەموو ترس و لەرز و خۆشاردنەوەو«حەشارێکیدیو باشاریکیدی» هەر بۆ روون نابێتەوە، خۆ ئاکامی هیچکام لەوانەی رابردوویەکیان بووە و بەراست راوە دوونراون شێوەی ئاکامەکەی نووری نادات، کەسیان نیە کە پەڕەوازی ئەو دیوی سنوورەکان نەکرابێت و بەوەش رانەوەستابن و لەوێندەرێش بەدەست خۆیی و بێگانەوە تەنگیان پێ هەڵنەچنرابێت؛ یەکێ بەدەس خۆیی شوێن بزر دەکرێ، یەکێ هەواڵی مەرگی لەبەندیخانەی بێدڵی ئەوین دەدرێ و تا هەتایەش تەرمی نادۆزرێتەوە، یەکێ لەشی بێگیانی وەکوو دیارییەک لەو دیو تخووبەکانەوە بۆ دوژمن دەگەڕێتەوە، یەکێ دەبێتە موریدی سەرۆکێک و داڵدە دەدرێت، ئەکێ لە چێشتخانەیەکی هەندەراندا رێژنەی گوللەی دەرخوارد دەدرێت، تاقمێکیش ئێستاو ئیستاشە هەر بێ سەروشوێنن ...

ئەحمەدی قازی لە سرەوی ژمارە ۱۵۸دا – کە لە لاپەڕەی ۹ی ئەم کتێبەدا باس کراوە - لەنێو وتەکانیدا لە نووری دەدوێو دەڵێ:«وەها کەسێک بە کۆڵە بارێک ئەزموون و بەسەرهاتی مێژووییەوە دەتوانێ دنیایەک قسەی پێ بێ».

روو دەکەمە ئەحمەدی قازیو دەڵێم: وا نووری ئەو دونیا قسەیەی رژاندۆتە ١٧٢ لاپەڕەوە، ئیتر تێناگەم زاڵبوون بەسەر فەننی کورت بڕینەوەدا وەها یارمەتیەکی داوە یان شارەزا بوون لەسەر هونەری بازدان؟!

٢١/ ٢ / ٨٦

شاری زیرەک



# ژیانێکی تەریک و شاعیرێکی گۆشەگیر

**سەید قادر هیدایەتی**

محەمەدی نووری لەو کەسایەتی وشاعیرە دەگمەنانە بوو کە هیچ ئۆگریی بە ناسران و نێودەرکردن نەبوو ! هەر بۆیە لە جەغزێکی بەرتەسکدا نەبێ نەناسراوە .

بە وتەی مامۆستا هێمن، نووری کەم نووس و زێرنووس بووە و باوەری بە زۆر و بۆر نەبووە . شێعرەکانی لە ناسکی و پاراویی و جوانیدا کەم وێنەن و نەسر و پەخشانێکی زۆر رەسەن و سەرنج راکێشی لە قەڵەم، داچۆراوە .

کەسایەتییەکی تایبەت بوو ، شێعرەکانی گرێ دراون بە ژیانی تاکەکەسی و کەسایەتی تایبەتی ئەوەوە . ئەو، شاعیری بۆنە و ئەنجومەن و کۆڕ و کۆبوونەوەکان نەبوو.

لە پاش شۆڕشی ئێران و هێور بوونەوەی وڵات ، لە حاڵێکدا کە دەیتوانی زۆر پۆست و مەقامی باشی هەبێ ، تەنیا لە گۆشەی تەنیایی خۆیدا لە سەر قسن و جەندەکی ئاواتە نە نێژراوەکانی ماوە . پێشنیاریان پێدا کۆنگرە وکۆڕی رێزلێنانی بۆ دانێن ، پێمل نەبوو . تەنانەت دوای مامۆستا هێمن یش پێشنیاری بەڕێوە بردنی سروەیان پێدا ، نەیکرد

شایەد نەکردنی ئەو کارانە هەر وا بە زار خۆش بێ ! هەتا ئەو ساڵانەی دواییش وتووێژ وچاوپێکەوتنی نەکرد و پەلە و هەڵپەی چاپ کردن و خۆ رانانی نەبوو ؛ تا بۆی دەکرا لە کۆڕ وکۆبوونەوە ڕەسمییەکان خۆی دەپاراست و کەس نەیدی جارێک لە کۆڕێکدا شێعرێک تەنانەت بۆ دڵی خۆشی بخوێنێتەوە ! هەموو ئەو هەڵوێستانە زۆرجێگای سەرنجن و نیشان دەدەن کە محەمەدی نووری نە تەنیا شاعیرێکی ئاسایی نەبوو بەڵکوو شاعیرێکی مەزن و کەسایەتییەکی دەگمەنی هەبوو !

فرێدریش نیچە لە بارەی شاعیرانەوە دەڵێ: شاعیران وەک تاوس وان ، پێیان خۆشە خۆیان دەرخەن و هەموو کەس جوانی و پەروباڵیان ببینێ و خۆیان پێ ڕاناگیرێ خۆیان نیشان نەدەن . بەڵام بەڕاستی مامۆستا نووری وا نەبوو ؛ لە نێو شاعیرانی کورددا دەنگێکی تاک بوو کە تامەزرۆی نێو دەرکردن و چاپ و بڵاو کردنەوە و چاوپێکەوتن و کۆڕ وکۆبوونەوەی نەبوو !

لە لایەکی دیکەوە ئەگەر چاوێک بە کۆی شێعرەکانیدا بگێڕین دیوانەکەی لێو ڕێژە لەو وشانەی هاوسەنگ و واتای تەریکی و گۆشەگیرین :

خەڵوەتخانە ؛(لە خەڵوەتخانەکەی ژینم ئەوەی دڵخوازە تۆراوە )

به تەنیا ماوە ؛( لەسەر بستووی ژیان وەک داری چاکی ، بەتەنیا مامەوە بێ بەرگ و بێ بەر )

چۆل ؛(لە چۆل وبەرەدەڵانی قاقڕی ژین )

تەریک ، دوورەدەست ؛(لە پێ کەوتووم تەریک ودوورە دەستم)

خەفەت پاڵێو؛(زنەکێشی خەفەت پاڵێوی چاوم )

لێو درواو ؛ (لە کوێ دەدوێنێ دنیا لێوی درواوم)

لاڵ ؛( هەردوو وەک یەک چێشتمان تامی تاڵی ، تۆ بە کوێری و من بە لاڵی )

هەستی خنکاو ؛(چلۆن دەنوێنێ وێنەم هەستی خنکاوم )

کەلاوە نشین ؛(نووری لە ڕۆژ ڕەویوە ، کەلاوە نشینە بۆتە کوندە بوو)

گۆشەی خەڵوەت ؛(لە گۆشەی خەڵوەتێکا دابەزیووم)

چۆل پەرستی (دان وداوە ئاوەدانی ،چۆل پەرستیم خۆشترە )

خۆ پەرستی ( خۆم لە بەرچی پێ دزێو بێ خۆپەرستیم خۆشترە) .

بەو جۆرە تەریکی وگۆشەگیریی بەشێکی زۆر و بنەڕەتییان لە شێعرەکانی نووری داگیر کردووە . کەوابوو دەتوانین بڵێین یەکێک لە بابەت و تێمە سەرەکییەکانی شێعری نووری تەریکی وگۆشەگیرییە کە گرێ دراوە بە ژیانی تاکەکەسی ئەوەوە .

ئەوەی زۆر جێگای تێ ڕامان و سەرنجە ئەوەیە کە ئەو تەریکی وخەلوەتخانە وگۆشەگیرییە شتێکی دەسکرد یان داسەپاو بە سەر ئەودا نەبوو، بەڵکوو ئەوە هەڵوێستی سەرەکیی ئەو لە بەرانبەر ژیان و دەور و بەردابوو .

هوشەنگی گولشیری لە جێگایەکدا باسی (فەزیلەتی سکوت) و گەورەیی بێ دەنگی دەکا کە زۆر جاران گەورەیی ومەزنی لەوەدایە رووناکبیر و نووسەر وشاعیر هیچ نەڵێن وهیچ چاپ نەکەن و بێ دەنگ بن .

بە بڕوای من یەکێک لە گەورەترین دەرسە رووناکبیرییەکانی کە شاعیران ونووسەران دەتوانن لە بەرهەم و کەسایەتی و ژیانی تاکەکەسیی مامۆستا نووری وەرگرن ئەوەیە کە زۆر جاران گەورەیی وفەزیلەت لە بێ دەنگی و تەریکی دایە .